بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە بەهەشت ودۆزەخ نزیکن لە مرۆڤەوە وەکو نزیکی بەستەی (قەیتانی) پێڵاوەکانی (نەعلەکانی)، مرۆڤ لەوەیە پەرستنێک ئەنجام بدات و ببێتە هۆی ڕازی بوونی خوای گەورە و بەهۆیەوە دەچێتە بەهەشتەوە، ولەوەیە مرۆڤ تاوانێک بکات و ببێتە هۆی توڕەیی خوای گەورە وبەهۆیەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3581

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee